# ئێرەیی

ن: م. مینوی
و: فواد حەقیقی



چەند ساڵێك لە مەوبەر هاوکارێکم سەربوردەیەکی بۆ گێڕامەوە کە لە پێشەکی کتێبێکی ئاڵمانی دا نووسرابوو. ئەم کتێبە لەبارەی ئێرانییەکان و ئەم سەربوردەیە لە بارەی بەرچاوتەنگی و خراپەخوازی هاووڵاتییەکەوە بوو کە خزمەتێکی مەزن لە بەرامبەر کەسێکی بەدەسەڵات و دەست ڕۆیشتووی ئاڵمانی دا دەکات. ئەو ئاڵمانییە داوا لە ئێرانییەکە دەکات کە لە هەمبەر خزمەتەکەی دا داوای شتێکی لێ بکات، جا هەرچییەك بێت. بەڵام مەرجی بۆ دادەنێ، ئەویش ئەوە کە هەرچی کە ئەو داوا بکا، دوو ئەوەندە بە جیرانە ئێرانییەکەی دەدات. هاووڵاتییەکەی ئێمە داوای دەرفەتێکی لێدەکات تا بیری لێبکاتەوە و پێی بڵێ کە چی دەوێت. دوای حەفتەیەك بە وردی بیرلێکردنەوە دەگەڕێتەوە لای ئاڵمانییەکەو داوای

لێدەکات کە چاوێکی کوێر بکات تاکوو بەم شێوەیە جیرانەکەی بە تەواوەتی کوێر بێت.

لەم نووسراوە کورتەدا لە هۆکارەکانی ئێرەیی دەکۆڵینەوە. هۆکارێك کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی تایبەتمەندیگەلێکی رووخێنەری دیکەش لە ئێمەدا. بەر لە دەسپێکردن بە پێویستی دەزانم باسی دوو خاڵ بکەم: یەکەم کاتێك کە تایبەتمەندییەك دەدەینە پاڵ نەتەوەیەك یان کۆمەڵگایەك، بەو مانایە نیە کە هەموو تاکەکانی ئەو نەتەوەیە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەن. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە زۆربەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە. کە وابوو لەم بابەتەدا رووم لە ئێوە نیە، بەڵکوو رووم لەو کەسانەیە کە ئەو تایبەتمەندییەیان هەیەو بێ گومان ئێوەش لە ژیانتان دا هەڵسوکەوتتان لە گەڵیان هەبوو و هەیە. دووهەم ئەوەی کە کاتێك تایبەتمەندییەك دەدەینە پاڵ نەتەوەیەك، بەو مانایە نیە کە نەتەوەکانی دیکە بە تەواوەتی ئەو تایبەتمەندییەیان تێدا نیە. زۆر لە تایبەتمەندییەکان بە جۆرێك کەم و زۆر لە هەموو مرۆڤەکاندا هەیە. ئەوە ژینگەیە کە ئەو حاڵەتانە کەم یا زیاد دەکات. ژینگەی لەبار، تایبەتمەندییە پۆزێتیڤەکانی تێیدا گەشە دەکەن و دەرفەتی گەشەکردن نادات بە تایبەتمەندییە نێگەتیڤەکان و هەروەها ژینگەیەکی نالەبار کارکردی پێچەوانەی دەبێت.

بەڵام ئێرەیی چییە و بە چ شێوەیەك لە ئێمە مرۆڤەکاندا بیچم دەگرێ و گەشە دەکات. ئێرەیی واتە لە سەرکەوتنی خەڵکی دیکە ناڕەحەت بوون و تەنانەت لە شێوە پەرگیرانەکەی دا تەواو کەیف خۆش بوون بە شکستی خەڵکی دیکەیە. بەراورد کردنی تاکەکان لە گەڵ یەکتردا هۆکارێکی زۆر گرینگی گەشەکردنی ئەم دیاردەیەیە. دەرەنجامی بەراورد کردنەکان زۆر جاران باشترو خراپتر، گەورەترو چووکتری ئینسانەکان و بە دوای ئەودا پێداهەڵدان یان سووکایەتی پێکردنیان لێدەکەوێتەوە. لە وێژەی ئێمەدا مەولانا یەکێك لەو کەسانەیە کە لە ئوستوورەیەکی ئایینی بەڵگە دەهێنێتەوەو ئاماژە بۆ ناشیرین کردنەوەی بەراوردکردن دەکات. لەو جێگایەدا کە شەیتان وەکوو تەنیا فریشتەیەك سەرپێچی لە فەرمانی خوداوەند دەکات و بۆ ئادەم کڕنۆش نابات، بەمجۆرە بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئادەم لە خاك دروست بووەو ئەو لە ئاگر، کە ئاگر سەرتر لە خاکە. مەولانا لە یەکەم دەفتەری مەسنەوی دا ئاوا دەڵێ:

**اول انکس کین قیاسکها نمود　　　پیش انوار خدا ابلیس بود**

**گفت نار از خاك بی شك بهتر است　　　من ز نارو او ز خاك اکدر است**

مرۆڤ بۆ هەڵدان و گەشەکردن باوەڕ بەخۆ بوونی پێویستە کە ئەویش بە هاندانی بەجێ و لە کاتی خۆیدا بە تایبەت لە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی دا بەرهەم دێت. پێویستیی بە هاندان و سەرنج پێدان و بەناوبانگ بوون، پێویستییەکی سروشتییە کە لە هەموو مرۆڤەکاندا کەم و زۆر هەیە و هەر ئەم پێویستییەش هاندەری پێشڤەچوونی مرۆڤ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بووە و هەیە. هاندان و سەرنج پێدانی پێویست لە سەردەمی منداڵی دا دەتوانێت یارمەتی بە کەمکردنەوەی ئەم پێویستییە لە سەردەمی گەورەساڵی دا بکات. بەڵام سەرزەنشت و سووکایەتی پێکردن لە منداڵی دا وا دەکات کە مرۆڤ لە گەورەساڵی دا زیاتر هەست بەم پێویستییە بکات. بە چاوخشاندنێك بە دەوروبەرماندا بۆمان دەردەکەوێت کەمتر کەسێك لە نێومان دا هەیە کە بەردەوام لە گەڵ خەڵکی دیکەدا بەراورد نەکرابێت و لە بەر کەموکوڕییەکانی سەرزەنشت و سووکایەتی پێ نەکرابێت. وا باوە لە منداڵییەوە لە نێوان خوشك و براکان و

هەروەها منداڵە هاوتەمەنەکاندا و لە قوتابخانە لە نێوان قوتابییەکاندا بەراورد کردن دەسپێدەکات و لە گەورەساڵیشدا بە شێوەیەکی نادیار بەڵام بەردەوام درێژەی دەبێت. بە سەرنجدان بەوەی کە زۆربەی کات کەسانێکمان بە دەوروبەرەوەن کە لە بوارێك یان چەندین بواردا لە ئێمە شیاوتر یا سەرکەوتووترن، هەمیشە بابەتێك بۆ بەراورد کردن و بیانوویەك بۆ سەرزەنشت کردن و سووکایەتی پێکردن هەیە و کەسیش ناتوانێت خۆی لێ لابدات. ڕۆژێك لایەنە باشەکەی ئێمە بە رووی کەسێکی دیکە دادەدەن و سووکایەتی پێدەکەن و رقی ئەو بەرامبەر بە ئێمە هەڵدەستێنن و ڕۆژێکی دیکە لایەنە باشەکەی کەسێکی دیکە بە رووی ئێمەدا دەدەنەوە و سوکایەتیمان پێدەکەن و رقی ئێمە بەرامبەر بەو هەڵدەستێنن. بە داخەوە لە زۆربەی وڵاتاندا __چ دایك و باب و چ مامۆستاکان__ ئەو هەڵسوکەوتە بە مەبەستی چاکە و بۆ ئەوەی هانمان بدەن لە کەسانی دیکە باشتر بین، ئەنجام دەدەن.

بە سەرنجدان بەوەی کە هەر لە منداڵییەوە بەراورد کردن دەسپێدەکات و هەر لەو کاتەوە کاریگەرییە زیانبار و رووخێنەرەکانی لە سەر ئێمە بە جێ دێڵێت، چاکسازی لەوەشدا دەبێ هەر لە کاتی منداڵی و لە ماڵ و قوتابخانە دەست پێبکرێ. کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کە سەرنجێکی تایبەت بە منداڵان و پەروەردەو فێرکردنیان دەدەن کە نیشانەی تێگەیشتنی ئەوانە بۆ ڕۆڵی گرینگی منداڵان لە بنیاتنانی داهاتووی کۆمەڵگادا، گرینگییەکی تایبەت کە ئەو کۆمەڵگایانە بە ئاسایشی هزری دایکان و مامۆستایانی دەدەن لە بەر ڕۆڵی سازێنەرو بنەڕەتییانە کە لە پەروەردەی منداڵاندا لە ئەستۆیانە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەڵاواردنی تەمەن لە وڵاتە نەریتی و دواکەوتووەکان دا دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بایەخی ئەوتۆ بە منداڵان نەدەن و تەنانەت هێندێك جار وەك ئاژەڵ چاویان لێبکەن و هەر بەو شێوەیە لە گەڵ ژنان دا کە چ وەك دایك و چ وەك مامۆستا سەرو کاریان لە گەڵ منداڵاندا هەیە، هەڵسوکەوت دەکرێ.

**تایبەتمەندییە رووخێنەرەکانی دیاردەی بەراوردکاری**

**ئێرەیی و کارشکێنی**

وەك پێشتر وترا، ئێرەیی واتای ئەوە دەگەیەنێ کە سەرکەوتنی خەڵکانی دیکەت لە لا ناخۆش بێت. پێویستە بگوترێ کە زۆر جاران ئەم هەستە لە بارەی سەرکەوتنی هەموو کەسێکەوە نیە، بەڵکوو زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە گەڵ ئێمەدا بەراورد بکرێن و سەرکەوتنەکانیان ببێتە هۆی سووکایەتی پێکردن بە ئێمە. بەراوردکردنی کەسێك نە تەنیا نابێتە هۆی رەخساندنی بوارێکی لەبار بۆ پێگەیاندنی، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆریش کۆسپ لە سەر ڕێگای پێشکەوتنی پێك دێنێ. بێ گومان ئێوەش بینیوتانە کەسانێك کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لە بوارگەلی جۆراوجۆری زانستی، وێژەیی، هەنەری و یان کۆمەڵایەتی سەرکەوتن بە دەست دێنن، لە کاتی وەرگرتنی خەڵات یان لە کاتی چاوپێکەوتن دا سەرکەوتنەکانیان بە قەرزداری هاوڕێیەتی و یارمەتی کەسانی دیکە دەزانن لە دۆستان و هاوکارانی دوورو نزیك. لە حاڵێکدا کەسانی سەرکەوتوو لە وڵاتە نادیمۆکراتیکەکان دا نە تەنیا لە لایەن دۆستانیانەوە هاوکارییان نەکراوە بەڵکوو زۆر جارانیش بەرەورووی کارشکێنی پەیتاپەیتای نزیکانیان بوونەتەوە.

**وردەگیری(عیب جویی) لە خەڵکانی دیکە**

وردەگیری لە خەڵکانی دیکە زۆر جاران وەك ئامرازێکی بەرگری کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بۆ وێنە کاتێك بەردەوام بە هاوسەر و منداڵەکانی خەڵکیمان هەڵگوت لە لای بنەماڵەی خۆمان، هاوسەر و منداڵەکانمان بۆ ئەوەی بتوانن باڵادەستی ئەوان لە بەر چاوی ئێمە خەوشدار بکەن و لە بەراوردەکانی دواتردا سەرکەوتوو بن، پەنا دەبەن بۆ پارێزی وردەگیری و رەخنە گرتن.

قامك دانان لە سەر کەموکووڕییەکانی کەسانێك کە بە هەر هۆیەك کارێکیان لێ روو دەدات و گەورە کردنەوەی ئەو کەموکووڕییانە، هەوڵدان بۆ زیان گەیاندن بە ئابڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی خەڵکی دیکە لە رێی بۆچوون و رەخنەی مەبەستدار و تیرۆری کەسایەتی کە لە ئاستە بەرزەکانی کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێت، دەتوانێت هەر لەو دیاردەیەوە سەرچاوە بگرێت.

**هەست بە رەزامەندی کردن لە بەرامبەر خۆ بە کەم زانینی خەڵکی دیکەدا**

زۆر جاران دەبینرێ وردەگیری لە کەسانێك و شکاندنیان، کەس یان کەسانێك خۆشحاڵ دەکات کە لەو بوارەدا چالاکییان هەیە. ئەو هەستە کاتێك منداڵێك لە لایەن دایك و بابەوە رەخنەی لێ دەگیرێت یا سەرزەنشت دەکرێت، لە روخساری خوشك و براکانی دیکەدا دیارە. هەروەها کاتێك سەرۆك رەخنە لە فەرمانبەرێك دەگرێ یا ناڕەزایەتی لە بەرامبەری دا دەردەبڕێت لە روخساری فەرمانبەرەکانی دیکەدا ئەو هەستە دەبینرێت. تەنانەت زۆرێك لە وێژەوان و نووسەرەکانیشمان کە بانگەشەی رێبەریی کولتووری خەڵك دەکەن، لەو هەستە نێگەتیڤانە پارێزراو نین. ئەوانیش هەر لەم بازنەی بەراوردکاری و رکەبەرایەتی و ئێرەییەدا ئەسیرن بەڵام لە ئاستێکی دیکەدا.

**باوەڕ بەخۆ نەمان و هەست بە سووکایەتی کردن**

بە سەرنجدان بەوەی کە باوەڕ بەخۆ بوون بە هاندانی بەجێ لە ئینساندا پێکدێت، کاتێك دەکەوینە بەر بەراوردکردن و سووکایەتیمان پێدەکرێ، وردە وردە باوەڕ بەخۆ بوونمان لە دەست دەدەین.

**پێویستیی پێداهەڵگوتن و پەسندبێژی و بە ناوبانگ بوون**

بێگومان بەردەوام بەراورد کردن و سووکایەتی پێکردن رۆح بریندار دەکەن. هەر برینێك مەڵهەمێکی هەیە و مەڵهەمی برینی سووکایەتی پێکردن، بیستنەوەی پێداهەڵگوتن و پەسندبێژی کردن و سەرنج راکێشان و بە ناوبانگ بوونە. لە راستیدا پێویستیی پێداهەڵگوتن و پەسندبێژی کردن دراوێکە کە دیوەکەی دیکەی رەخنە قبووڵ نەکردنە و ئەم دووانە کاردانەوەی پێچەوانەیان لە سەر یەکتری هەیە. واتە هەر چەندە خەڵکی کۆمەڵگایەك زیاتر رەخنە قبووڵ بکەن، بە هەمان ئەندازەش لە پێداهەڵگوتن و پەسندبێژی پەرگیرانەو ستایشی زێدەڕۆیانە و ناڕاست کەمتر خۆشحاڵ دەبن، بە پێچەوانەشەوە کەسانێك کە کەمتر رەخنە قبووڵ دەکەن لە بیستنی پێداهەڵگوتن و پەسندبێژییان زۆر زیاتر خۆشحاڵ دەبن.

**هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە جێگەی شانازی و رێزن**

له بەر ئەوەیکە مرۆڤ پێویستی بە ڕێزگرتن و پەسند کردنە لە لایەن کەسانی دەوروبەرییەوە، بە شوێن وەدەستهێنانی ئەو شتانەدا دەچێت کە لە کۆمەڵگادا بەها و ڕێزی پێ دەبەخشن. بە سەرنجدان بەوەی کە لە کۆمەڵگا نادیمۆکراتیکەکان دا پێوانەی بەها و ڕێز، دارایی و دوای ئەویش پێگەی کۆمەڵایەتییە، زۆرینەی خەڵك بە شوێن ئەو شتانە دەکەون. نەبوونی هەلومەرج و ئیمکانی یەکسان بۆ هەموان دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێندێ خەڵك بۆ وەدەستهێنانی ئەو بەهاگەلە، بەها ئینسانییەکان قوربانی بکەن و لە ڕێگەی نادروستەوە هەوڵی بۆ بدەن. سەرنەکەوتن لەو ڕێگایەدا هەستگەلی نێگەتیڤی وەك کینە، رق، سەرشۆڕی، بێ هیوایی و پووچی لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا لێدەکەوێتەوە. رەنگە بگوترێ لە کۆمەڵگا مۆدێڕنەکانیش دا خەڵك بە دوای ئەم جۆرە شتانەدا دەچن. ئەمە ڕاستە، بەڵام قسە لە سەر ئەنگێزەی هەوڵدانی ئینسانەکانە. لە بەر ئەوەی کە لە کۆمەڵگا مۆدێڕنەکاندا ڕێزدانان بۆ تاکەکان پێوەندییەکی ئەوتۆی بە دارایی و پلە و پێگەی ئەوانەوە نیە، واتە لە بەر ئەوەی کە کەسێك دارایی زۆری نیە یان خوێندنی باڵای نییە یان پیشەیەکی هەیە کە لە گەڵ پێوانەکانی کۆمەڵگای چینایەتی ئێمەدا لە ئاستی خوارەوە لە قەڵەم دەدرێت، سووکایەتی پێناکرێت. خەڵك بە مەبەستی هەرچی زیاتر چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکانی ژیان بە شوێن دارایی دا دەچن و زۆرتر وەك ئۆگرییەك بە شوێن زانست دەکەون.

**شاردنەوە، خۆهەڵکێشان، درۆ و لاسایی کردنەوە**

ترسان لە بەراورد کردن لە گەڵ خەڵکی دیکەدا و سووکایەتی پێکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك هەوڵ بدەن لە هیڕاریەتی پلە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەك هەنگاو بنێن و بەرەو سەری بچن کە دەست کورتییە ماددی و زانستییەکانیان بشارنەوەو یان خۆیان هەڵکێشن کە ئەوانەیان هەیە. هێندێ دەستەواژەی وەك خۆ هەڵشڕاندن، تڕو تۆپ کردن، پۆزی عالی و گیرفانی خاڵی و... هەر لەو پێوەندییەدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. هەروەها ئەو ترسە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك بە زللە دەموچاویان سوور بکەنەوە ! و لاسایی ژیانی کەسانێك بکەنەوە کە لە ئاستەکانی سەرەوەتردان و جێگای سەرنج و ڕێزی کۆمەڵگان. هەروەها لەو کۆمەڵگایانەی کە شانازی و ناوزڕانی تاکەکەسێك کاریگەری لە سر هەموو بنەماڵەو خزمان دادەنێت، درۆکردن لە بارەی خاڵە لاوازو کەموکورپییەکانی بنەماڵەو کەسوکار و هەروەها ترپوتۆپ کردن لە بارەی ئەوانیشەوە پەرە دەستێنێ.

**کونج پشکنی، بەرە خستنە سەر ئاوو داوەری کردن**

کونج پشکنی جگە لە مەیلێکی زۆر بۆ زانینی شتەکان هیچیتر نیە. پێشقەچوونی مرۆڤ لە زۆربەی بوارەکاندا تا رادەیەکی زۆر قەرزداری هەستی کونج پشکنی ئینسانە. بەڵام ئەو کونج پشکنییەی کە لێرەدا مەبەستمانە و تایبەتمەندییەکی بەرچاوو ناپەسەندی ئێمەیە، ئۆگری بۆ ئەوەیە کە زانیاری لە سەر کەسانێك بزانین کە لە گەڵ ئێمەدا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیەو رەنگە لە گەڵمان دا بەراورد بکرێن، وەکوو هاوپۆلی، هاوکار، دراوسێ، خزم و ... زۆر جاران ئەو زانیارییانە بریتین لە ڕێژەی داهاتیان، ئەو شتە نوێیانەی کە کڕیویانە، شوێنی ڕابواردنی پشوودانیان، ئەو بڕوانامەو پلەگەلەی کە وەریانگرتوە و هتد.

کونج پشکنی بە گەلاڵە کردنی پرسیاری جۆراوجۆر بە شێوەی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە خۆ یا کەسانی دیکە دەردەکەوێت. شاردنەوەی خاڵە لاوازەکان و تڕوتۆپ کردن بە خاڵە بەهێزەکانەوە کە پێشتر روون کرایەوە، دەبێتە هۆی دڕدۆنگی تاکەکان بەرامبەر بە یەکتر، کونج پشکنی زیاتر دەورووژێنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەڕە خستنە سەر ئاویش لە نێو خەڵك دا بێتە ئاراوە. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێندێك جار تەنیا بە دیتنی بەشێك یا بیستنی رستەیەك یان بە گێڕانەوەی قسەیەك لە سەر کەسێك کە ناتەبایی هەیە لە گەڵ ئەو تێڕوانینەی کە ئەو کەسە خۆی لە لای ئێمە دروستی کردوە، لە بارەیەوە داوەری بکەین و بڕیاری خۆمانی لە سەر بدەین.

**وروژاندنی هەستی چووکەتر یا گەورەتر بوون**

سروشتییە کە ئەو بەراورد کردنانە لە هزری ئێمەدا دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئێمە لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا کە بە هەر شێوەیەك چ ماددی و چ مەعنەوی لە ئێمە لە سەرترن، هەست بە چووکەتری، باوەڕ بەخۆ نەبوون و بە دوای ئەیشدا نیگەرانی یان دڵەڕاوکێ بکەین و لە هەمبەر ئەو کەسانەی کە لە ئێمە خوارترن، هەست بە ئارامی زۆرتر، باوەڕ بەخۆ بوون و لووت بەرزی بکەین.

**شك و گومان و کردەوەی خەڵکانی دیکە**

ئەو هەلومەرجانە شك و گومان لە ئێمەدا دروست دەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە ئاکارو قسەکانی خەڵکانی دیکە لە سەر بنەمای ئەو مەودایەی لە هیڕاریەتی کۆمەلایەتی دا هەیانە، راڤە بکەین. بەو مانایە، بۆ وێنە ئەگەر کەسێك کە هاوئاست و هاوکارمانە، گاڵتەمان پێبکات، زۆرمان بە لاوە گرینگ نەبێت و هێندێ جاریش وەك شۆخی وەری بگرین. بەڵام ئەگەر هەر ئەو کردەوەیە لە لایەن کەسێکەوە کە لە ئاستی خوارەوەتری ئێمەوەیە، روو بدا بە ئێرەیی لە قەڵەم بدەین و ئەگەر لە لایەن کەسێکەوە ئەنجام بدرێ کە لە ئاستی سەرەوەتری ئێمەوەیە، بە سووکایەتی بژمێرین. چونکە بەو کارەی رەنگە بیهەوێ پێگەی خۆی پێشان بدا و بە رووی ئێمەی دا بکێشێ و لە ئاکام دا بیهەوێ سووکایەتیمان پێبکات و ریسوامان بکات.

**بەراورد کردنی بەردەوامی خۆمان لە گەڵ خەڵکی دیکەدا**

بەراورد کردنی بەردەوام دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەگەر کەسێکیش بەراوردمان نەکات، خۆمان ئەو کارە بکەین. بەو واتایە کە خەڵکی دیکە لە رووی پیشە، داهات، هاوسەر، منداڵان و … لە گەڵ خۆماندا بەراورد بکەین و ئەگەر لە سەرووی ئەوانەوە نەبین، دەرەنجامە خراپەکانی ئازارمان بدات.